# تەکنیکەکانی زمانی میڵتۆن
# لە بانگێشەی هەڵبژاردندا

**م. ی. شوان نجم الدين عمر**
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
پەروەردە
Shwan.omer@su.edu.krd

**پ. د. عەبدولواحید موشیر دزەیی**
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم تـــوێژینەوەیە لە بـــواری زانســـتی زمـــانەوانی دەروونیـــیە. کەرسـتەی توێژینەوەکەمـان لە زمـانی ڕێکلامـی بانگێشـەی هەڵبـژاردن وەرگرتووە، بەو پێیەی زمان وەکو تاکە ئامرازی بە هێزی پەیوەندی کردن و تێکەڵاوی نێو کۆمەڵگە و هۆکاری ئاسانکردنی کاروباری ژیانی مـــرۆڤە. هەروەهـــا گەیانـــدن و ئـــاڵوگۆڕکردنی زانســـت و زانیـــاری و گفتوگۆی ژیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و...هتد، زۆر جار پێویستیمان بە گرنگی ڕازی کردن دەبێت بیر دەکەینەوە چۆن قەناعەت بە بەرامبەرەکەمـــان بکەیـــن، مەبەســـتەکانیش جیاجیـــان بـــۆ نمـــوونە سیاســـەتمەدارێک پێویســـتییەتی تـــاکو دەنگـــی پێبـــدەن لە هەڵبـــژاردن و بازرگانێـک یـان خـاوەن پیشـەیەک پێویسـتییەتی تـاکو کڕیـاری زۆرتـر بۆخۆی ڕابکێشێت، ئەمانەش هەموو پێویستیان بە کردەی ڕازی کردن هەیە تـــاکە لە کارەکانیانـــدا ســـەرکەون. لەم تـــوێژینەوەیەدا شـــێوازی ڕازیکـردن و ئاڕاسـتەکردن و سـەرقاڵکردنی مێشـک (ئاگـا، بـێ ئاگـا) بە هۆی زمانێکی تایبەت بەو بوارە باس دەکەین، ئەویش (زمانی مێڵتۆن)ە، کە کارامەیی و تەکنیکەکانی ئەو زمانە لە خۆدەگرێت. بۆیە هەوڵدەدەین کاریگەری تەکنیک و کارامەییەکانی زمـانی مێڵتـۆن بە شـێوەی کرداری

لەسەر ڕێکلامی بانگێشەی هەڵبژاردن و هێزی ئەو زمانە لە ڕازی کرنی جەماوەر و سەرکەوتنی لە ڕێکلامی بانگێشەی هەڵبژاردندا بخەینەڕوو. لە بەشی یەکەم ناساندنێک بۆ زمانی و میلتۆن کراوە و بنەماکانی کارکردنی ئەو زمانە باس کراوە، کاریگەری زمانەکە لەسەر بیر و کاردانەوەی کردە دەروونیەکانی خراوەتەڕوو. لە بەشی دووەمدا بابەتەکانی هێز و کاریگەری زمانی میلتۆن، تەکنیکەکانی لە ڕێکلامی بانگێشەی هەڵبژاردن بەنموونەی پراکتیکی خراوەتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** (زمانی میلتۆن، تەکنیکە میلتۆنییەکان، ڕازیکردن، بانگێشە، ڕێکلامی سیاسی ).

**پێشەکی :**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (تەکنیکەکانی زمانی میلتۆن لە بانگێشەی هەڵبژاردندا)، کە لە بواری زانستی زمانەوانی دەروونییدایە. لەم توێژینەوەیەدا باس لە شێوازی ڕازیکردن و ئاراستەکردن و سەرقاڵکردنی مێشک (ئاگا، بێ ئاگا) دەکەین، بە هۆی زمانێکی تایبەت ئەویش (زمانی میلتۆن)ە، کە کارامەیی و تەکنیکەکانی ئەو زمانە لە خۆدەگرێت، هەوڵدەدەین بە شێوەی کرداری لەسەر ڕێکلامی بانگێشەی هەڵبژاردن و هێزی ئەو زمانە لە ڕازی کردنی جەماوەر و سەرکەوتنی لە ڕێکلامی بانگێشەی هەڵبژاردندا باس بکەین.

١. ئامانج لە توێژینەوەکە :

باسەکە لە چوارچێوەی ڕێبازی وەسفی شیکاریدا بەمەبەستی وەڵامی چەند پرسیارێک ئەنجام دەدرێت کە بریتین لە :

_ ئایا زمانی میلتۆن لە بانگێشەی هەڵبژاردن بوونی هەیە ؟

_ تەکنیکەکانی زمانی میلتۆنی لە بانگێشەی هەڵبژاردن چین ؟

_ لە پرۆسەی هەڵبژاردندا گوتاری سیاسی هەڵبژاردن تا چ ڕادەیەک سوود لە زمانی میلتۆن وەردەگرێت؟

٢. ڕێبازی توێژینەوەکە :

باسەکە بە پێی ڕێبازی وەسفی لە چوارچێوەی زمانەوانی دەروونیدا باس لە تەکنیکەکانی زمانی میلتۆنی دەکات لە بانگێشەی هەڵبژاردندا، کە چۆن یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕازیکردنی جەماوەر ڕوونکردنەوەی مەبەست و خستنەڕووی ئامانج .

٣. دەرەنجامە چاوەڕوان کراوەکانی توێژینەوەکە :

تەکنیکێکی تازەیە بۆ کاریگەری کردنە سەر ئەقڵی جەماوەر و ڕازی کردنی لە ڕێگای بێهێزکردنی ئەقڵی بێئاگایی. بەمەش سوودی زۆری دەبێت بۆ کەم کردنەوەی ئەرک و کات و بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕازی کردنی جەماوەر بە کەمترین ئەرک .

٤. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :

لەو بەرنامەی کارەدا پوختەیەک بۆ بەشەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەکەین، کە پێکدێت لە دوو بەش کە بریتین لە :

بەشی یەکەم : زمانی میلتۆن چەمک و پێناسەی، بنەماکانی زمانی میلتۆن، زمانی میلتۆن کاریگەری لەسەر بیر .

بەشی دووەم : هێز و کاریگەری زمانی میلتۆن لە ڕێکلامی بانگێشەی هەڵبژاردندا، زمانی میلتۆن و وروژاندنی پێویستیەکان، زمانی میلتۆن لە ڕێکلامی بانگەشە، تەکنیکەکانی زمانی میلتۆن.

٥. مۆدێلی توێژینەوەکە :

مۆدیلی میلتۆن بەکاردەهێنرێت (زمانی میلتۆنی) کە بە زمانی موگناتیسی ناسراوە ئەم زمانە دراوەتە پاڵ (میلتۆن ئەریکسۆن) ی پرۆفیسۆری نواندنی ئیحائی، کە توانایەکی زۆری هەبوو لە نواندنی کەسی بەرامبەر، بە ئامادەنەبووی بیری ئاگایی و دواندنی بیری ناوەی مرۆڤ و ڕازیکردنی بەو بیرانەی ویستوویەتی. دوای ئەمە (ریچارد بادلر و جون گریندر) هەستان بە لێکۆڵینەوە گەیشتنە چەند دەرەنجامێک لە نموونەی زمانی میلتۆنی لە نواندنی موگناتیسی.

## بەشی یەکەم
## زمانی میلتۆن و بنەماکانی

### ١. زمانی میلتۆن چەمک و پێناسەی.

زمانی میلتۆن بە زمانی موگناتیسی ناسراوە، کە بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی دەروونی بە کارهاتووە، زمانێکی سەرسامکەرە بۆ خزانە ناو عەقلی بێئاگایی مرۆڤەوە و بە خەواندنی موگناتیسی ناودەبرێت (سالح، ١٨٧:٢٠١٤). زمانی میلتۆن لە خەواندنی موگناتیسی (هیپنۆسیس)ی پێشنیارکەردا بەکاردێت، ڕێگایەکی سەرسوڕهێنەرە بۆ چوونە ناو جیهانی نائاگایی مرۆڤ، سەرچاوەیەکی گرنگی کاریگەرییە چ لە میدیاکاندا بێت، چارەسەری دەروونی یان پەروەردە. زمانی میلتۆن لە ڕێگەی شارەزایی و تەکنیکەکانی لەسەر مەشقکەران سەلماندوویەتی کە کاریگەری خێرای هەیە. ئەم زمانە خراوەتە پاڵ ناوی (میلتۆن ئەریکسۆن)ەوە، کە شارەزایەکی بواری خەواندنی موگناتیسی بوو، توانایەکی زۆری هەبوو لە خەواندنی کەسی بەرامبەر، بەو پێیەی خەواندنی موگناتیسی بە یەکێک لە ڕێگا و ئامرازە بە هێزە و بەکارهاتووەکانی لایەنی دەروونی دادەنرێت، بۆ گۆڕینی ڕەفتارە جۆراوجۆرەکان و گۆڕینی هەستی تاکەکان و لە هەموو جیهانیشدا کاریگەرییەکەی سەلمێنراوە (سالح، ١٨٧:٢٠١٤). میلتۆن ئێریکسۆن پرۆفیسۆری پێشنیازی خەواندنی موگناتیسی (هیپنۆسیس)ە، دەروونناسێکی ئەمریکییە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە پەرەسەندنی نواندنی موگناتیسی و چەندین توێژینەوەی پێشنیازی هیپنۆسیس و چارەسەری خێزانی ئەنجامداوە. ئەم زانایە توانایەکی باشی هەبوو بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەری بهێنێتە ناو هیپنۆتیزمەوە، لە ڕێگای کاریگەری سۆزدارییەوە بە تایبەتی لە ئەقڵی نائاگاییدا بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دروست بکات. میلتۆن یەکەم کەس بوو کە ئەم شێوازەی بەکارهێنا بۆ چارەسەری

نەخۆشـەکانی. پاشـان زمـانی میلتـۆن لەلایەن (ریچـارد بـادلر)، (جـۆن گریندەر) زیاتر ناسێنرا، نموونەکانی زمانەکە گرنگی پێدرا و شیکرایەوە، دەرەنجام ڕۆڵ و کاریگەری بە هێزی لە ڕازیکردنی بەرامبەر و گۆرینی بیرۆکە و باشـترکردنی دەروونـی کەسـەکان هەبوو، ئەمەش لە ڕێگەی سەرقاڵکردن و لاوازکردنی ئەقلی ئاگایی کەسەکان و گەیشتن بە ئەقلی نائاگـاییەکەی بە یـارمەتی ئەو وشـە و دەسـتەواژە و ڕسـتانەی بـۆ ئەو کردەیە بە کاردەهێنران، هەر بۆیە بە زمـانێکی چڕ و کـاریگەر ناسـراوە لە دروسـت کردنـی پەیوەنـدی بیـر لەگەڵ کەسـەکان و ئاراسـتەکردنی گوفتارەکـان بـۆ بەرامـبەر (k.zeig 1980, 28). بەجۆرێـک ڕسـتە و دەستەواژەکان لە شێوەی پێشنیاز ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر دەکرا بۆ گۆڕینی بیروڕای، بە بێ ئەوەی ناچـار بکرێت و ویست و ڕەزامەندی لەسەر نەبێت. مەبەست لەم ئاڕاستەکردن و گفتوگۆیە سڕکردنی ئەقلی ئاگایی و ڕاستەوخۆ دواندنی ئەقلی بێ ئاگایی کەسـەکان نییە، بەڵکو مەبەسـت لێـی کەمکـردنەوەی تەرکیزیـانە، بە ڕادەیەک تـا بتوانرێـت پەیامەکە بە ئەقلی ئاگا تێپەڕێنرێت و بیرۆکەکان بگەنە ئەقلی بێ ئاگایی کەسەکان، ئەو ویست و ئامانجەی مەبەستە بەدەست بێت.

میلتـۆن ئەریکسـۆن بەهـۆی بـوونی نەخۆشـی جەسـتەیی، توانـای جووڵە و چالاکی وەکو مرۆڤێکی ئاسـایی نەبوو، ئەمەش وایکرد توانا خـۆی زیـاتر لە بـواری زمـانی ئاخـاوتن بخـاتەڕوو و سـەرنج بـدات، کە جیـاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێـت لە نێـوان زمـانی ئاخـاوتن و زمـانی جەستە لە پرۆسەی ئاڕاستەکردن و گەیاندنی پەیام و ئاڵوگۆڕی بیرورا دا (John grinder 1977, 81). بەم پێیە میلتـۆن سـەرنج و تێبینیەکانی بـۆ زمان زیاتر لەبارەی شێوەی دەربڕین و واتا و مەبەسـتە شـاراوەکان و شوێن دەرکەوتەی وشە و دەستەواژەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیـان بـۆ گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو خستەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵەکانی

خستەگەڕ بۆ ڕاهێنانی مێشک لەسەر بە دەستەواژە کردنی پەیوەندیە خودییەکان و هەست کردن بە مایەی دروست بوونی جیاوازی لە ڕێگەی زمانەوە (John grinder 1977, 81). واتە تاک بتوانێت بەهۆی زمانەوە پەیوەندی بەخودی خۆیەوە ببەستێت و کاریگەری لەسەر مێشک دروست بکات، بۆچوون و بیرۆکەکانی پێ بگۆڕێت، لەوەی پێشووتری جیاواز و باشتربێت. بێگومان میلتۆن ڕەچاوی دەوروبەر و کاتی ڕوودانی ئاخاوتن و هەموو ئەو شتانەی پێوەی پەیوەستن دەکرد، کە لە کاتی دروست بوونی هەر گفتوگۆیەک یان هەر کێشەیەک لە ئاخاوتنەکەدا بوونیان هەیە. واتە ڕۆڵی زمانی لەڕووی دەروونییەوە دەردەخست، هێز و کاریگەری لە گۆڕینی ئاڕاستەی بیروباوەڕ و ڕەفتاری نەرێنی بۆ ئەرێنی نیشان دەدا . لێکۆڵەران و پسپۆرانی بواری دەروونی بە گشتی و زمانەوانی دەروونی بەتایبەتی، چەندین پێناسەیان بۆ زمانی میلتۆن کردووە، کە کۆی گشتی پێناسەکان باس لە کاریگەری زمانەکە دەکەن لەسەر رەفتار و بیروباوەری کەسەکان لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە، بە هۆی هەندێک تەکنیکی تایبەت. لەم بارەیەوە زمانی میلتۆن وا پێناسەکراوە، کە زمانێکی ئیحائییە و کاریگەری لەسەر کەسانی تر جێدێڵێت، سەرچاوەیەکی بەپیتیشە بۆ کارکردنەسەر کەسی بەرانبەر لەسەرجەم بوارەکاندا (ساڵح، ٢٠١٤:١٨٧). هەندێک لە پسپۆران وای دەبینن بریتییە لەکۆمەڵێک ڕێسا، کە بەکاردێت بۆ مەبەستی ڕازی کردن. هەروەها لە لای بەکارهێنەرەکان، کە لە خەواندنی موگناتیسی و چارەسەری دەروونی و گۆڕینی باوەڕ و هەست و ڕفتارە نەرێنییەکان، سودی لێدەبینن، بە زمانی موگناتیسی ناسراوە (دزەیی ٢٠١٥، ١٤٩).

### ٢. بنەماکانی زمانی میلتۆن.

زمانی میلتۆن بە پێی چەند بنەمایەک کاردەکات :

(٢_١). وروژاندنی سۆز.

سۆز پێکهاتەیەکی سەرەکی کەسایەتی تاکە، وا لە مرۆڤ دەکات بێ لایەن نەبیت لەوەی دەیبینێت (دزەیی، ٢٠١٥، ٢٩). ئەزموونێکی ئاگاییە و چالاکییەکی بەهێزە و بە ڕێژەیەکی دیارکراو چێژی خۆشی و ناخۆشی تێدایە (دزەیی، ٢٠٢١ا، ٨٢). ئەم پێکهاتە سەرەکییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە، زۆرجار لەکاتی بڕیاردانـدا ڕۆڵی یەک لایەکەرەوە دەبینێت، بەو پێیەی کاردانەوەی سۆزداری بەهێزترە لە کاردانەوەی ئەقلی، هەر بۆیەش هەموو کات هەوڵ دەدرێت لە ڕێکلامی بانگەشەدا پشت بە هەست و سۆز ببەسترێت. جولاندنی سۆزی بەرامبەر بە واتای کاریگەری کردنە سەر ویژدان و وروژاندنی پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانییەتی، بۆ ئەم مەبەستە نێرەر ئاخاوتن لەگەڵ هەستەکانی وەرگر دەکات لەڕێگای دروشم، پێشکەشکردنی نیشانە، شێوازی زمانی کە تیایدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکاردێت، ئاماژەکردن بۆ سەرچاوە وەک پێدانی سەرچاوەی هەواڵ کە زیاتر هەواڵ و پەیام دەخاتە خانەی ڕاستیەوە (دزەیی، ٢٠١٣، ٤٤). وروژاندنی سۆز وەک بنەمایەک ئامانج تێیدا کارلێک کردنە سەر بیر و بۆچوون و تێڕوانین و ڕەفتاری بەرامبەرە، ئەم کردەیەش بەچەند ڕێگایەکی زانستی جێ بەجێ دەکرێت وەک بەکارهێنانی ڕاستی و ناڕاستی لە خستنەڕووی ڕووداوەکان و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان لە ڕووی مانای تایبەت، یان خولقاندنی مانا بۆیان وەک ئەوەی لە دروشمە بریقەدارەکان دەخرێنەڕوو (صالح، ٢٠١٩، ٥٨٣). خۆشەویستی، ڕق لێبوونەوە، دڵنیایی، ترس ئەم سۆزانە باریکی جولاون بە خێرایی گەشەدەکەن و گەورە دەبن، هەروەها بەهەمان خێراییش دەکوژێتەوە و دەسرێتەوە بێ هۆکارێکی دیار و دەرکەوتوو و ڕەهەندێکی تاکانەی هەیە. هەروەها هێزی بزوێنەری پاڵنەرەکانن بە باش و خراپ، هەستێکی بەهێز و

ئاڕاستەکراوە بۆ کەسێک یان شتێک، سۆزەکان بە پێی بۆچوونی (کلوس شیرار Klaus Scherer ) لە پێنج پێکهاتە دروست دەبێت :

١. هەڵسەنگاندنی ڕووداو و شت.

٢. نیشانەی جەستەیی پێکهاتەی فسیۆلۆجی ئەزموونی نەستی دەگرێتەوە.

٣. خولیایی پراکتیکی : پێکهاتەیەکی هاندەر بۆ ئامادەکردن و ئاڕاستەکردن و کاردانەوە جەلاوەکان.

٤. گوزارشت : گوزارشتی دەم و چاو و دەنگ دەگرێتەوە، کە دوای نەست دێت بۆ گەیاندنی کارلێک کردن و مەبەستی کارەکان.

٥. هەست: ئەزموونی خودی و هەستی خودی دەگرێتەوە بەرامبەر بارێکی سۆزداری لە کاتی ڕوودان (دزەیی، ٢٠٢١ا، ٨٣).

سۆز هۆکاری گۆڕانی جەستەیی و دەروونییە و کار دەکاتە سەر ڕەفتار، پەیوەندی فسیۆلۆجی ڕاستەوخۆی بە وروژاندنی کۆئەندامی دەمار هەیە، سۆز(Passion) پەیوەستە بە خولیای ڕەفتاری و دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر :

١. سۆزی خۆشەویستی passion of love :

سود وەرگرتن لە سۆزی خۆشەویستی جەماوەرە، یا سۆز و خۆشەویستی سیمبولێک یان کەسێک وا دەکات هەندێ لە ئامانجە تایبەتیەکان جێبەجێ بێت، کە بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردن زۆر سوود لەم خوولیاییە وەردەگیرێت، کەسانی خۆشەویست دەکەن بە سەرۆک لیست یان لەناو لیستەکان دادەنرێت (دزەیی، ٢٠٢١ب، ٨٣).

٢. سۆزی ترس passion of fear :

سۆزی ترس بنەمایەکی گشتی دروستکردنی جەماوەر، لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست بهێنرێت بۆ ئاڕاستەکردنی جەماوەر بە پێی ویستی ئارەزوو، ئەگەر هاتوو

بەشێوەیەکی کارا بەکارهات (دزەیی، ٢٠٢١ب، ٨٣).

زۆرجار لە زماندا وشە و ڕستە و دەستەواژەی کاریگەر بۆ کارکردنە سەر بیروبۆچوونی جەماوەر بەمەبەستی ڕازی کردن یان هەڵخەڵەتاندن یان شێواندنی ڕاستی بەکاردێت. زمانی میلتۆن یەکێکە لەو بوارانەی، کە گرنگی دەدات بە وشە و دەستەواژەی کاریگەر بۆ وروژاندنی هەست و سۆز تاکو کاریگەری بکاتە سەر ئەقڵ و ویژدانی جەماوەر و بۆ لای ویستەکانی خۆی ڕایبکێشێت. چونکە وشە و ڕستە و دەستەواژە بریقەدارەکان کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە لەسەر جەماوەر.

(٢_٢). خەواندنی ئەقڵی ئاگایی.

مرۆڤ پەیوەندییەکانی لەسەر دوو ئاست بنیات دەنێت، ئەوانیش ئاستی ئاگایی و ئاستی بێ ئاگاییە، کە ئەقڵی ئاگایی و ئەقڵی بێ ئاگایی بە شێوەی یەک بەدوای یەک کار لە یەکتر دەکەن. خەواندنی ئەقڵی ئاگایی یان بێ هێز کردن و سەرقاڵکردنی ئەقڵی ئاگایی یەکێکە لەو بنەمایانەی لەگەڵ بیرۆکەی زمانی میلتۆن هاتەکایەوە، خەواندنی ئەقڵی ئاگایی دەستپێکی ڕێرەوی گەیشتنە بە ئەقڵی بێ ئاگایی، بەو پێیەی ئەقڵی ئاگا بەرپرسە لە پێزانین بە ڕووداو و جیاوازی و بەراوردەکان لە ژینگەماندا، هەوڵی شیکردنەوەی زیاتر دەدات. خەواندنی ئەقڵی ئاگایی یان گەیشتن بە ئاستی بێ ئاگایی گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیانی هەموو کەسێک، چونکە پاڵنەری بڕیار و ڕەفتار یان هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤە (دزەیی، ٢٠١٣، ٥٢). هەروەها بە ویستی ئێمە کاردەکات و لەژێر کۆنترۆڵدایە، لە نەرێ بوون تێدەگات و خۆی لێدەپارێزێت، جیاوازی لە نێوان خەیاڵ و ڕاستیدا دەکات. کەواتە بەبێ ئەنجامدانی کرداری خەواندنی یان سەرقاڵکردنی ئەقڵی ئاگایی ئەستەمە بیرۆکەکان بگەن بە ئەقڵی بێ ئاگایی بەرامبەر و کاریگەری زمانی میلتۆن دەربکەوێت.

(٢_٣). دواندنی ئەقڵی بێ ئاگایی.

ئەقڵی بێ ئاگایی مەڵبەندێکی گەورەی داتاکانە، کە بەرپرسە لە هەست و سۆز و رەفتارە خۆنەویستەکان، پاڵنەری ڕەفتارەکانمانە. ئەقڵی بێ ئاگایی نارێک و سۆزدارە، وەلام بەخش و وەلامدەرەوەیە، گرنگی بە هەستەکان دەدات و بە ئاگایە تەنانەت لەکاتی خەویشدا زانیاری وەردەگرێت، بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجام کاری لەسەر دەکات. لە دواندنی ئەقڵی بێ ئاگاییدا پەیام ئاڕاستەی بیر و هۆش دەکرێت، بە جۆرێک پێویستمان بە بەڵگە و سەلماندن و بڕیاری لۆجیکی لەگەڵ بەدرۆخستنەوەی بیروڕا دژەکان و خستنەڕووی کەموکوڕییەکانی نیشانە دەبێت (دزەیی، ٢٠١٣، ٤٤). واتە بەهەند وەرگرتنی پێویستیەکانی بەرامبەر و تێڕوانینیان بۆ شت و دەوروبەریان، تا بزانین چۆن و چییان دەوێت. هەروەها پێویستمان بە زمانی ژمارە و سەرژمێری و ڕێژە دەبێت، چونکە ئەقڵی بێ ئاگایی بێ ویست کاردەکات و بێسنورە و فراوانە، لە نەرێنی وشە و هەستەکان ناگات و جیاوازی نێوان خەیاڵ و واقع ناکات. ئەقڵی بێ ئاگایی کۆگای کۆمەڵێک ویست و ئارەزووی کپکراوە، کە ئەمەش کەرەستەیەکی باشە بۆ ئەوەی لە نێو ڕێکلامی بانگەشەی هەڵبژاردندا سەرنجی زۆرترین ڕێژەی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

**٣. زمانی میلتۆن و کاریگەری لەسەر بیر.**

هەموو کاردانەوەیەکی مرۆڤ گوزارشت لە بیر و هەستی خودی مرۆڤەکە دەکات، لەبەر ئەوە باری جەستە و دۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی بیری مرۆڤن لەسەر خودی خۆی (حجازی، ٢٠١١، ٢١). مرۆڤ لە ڕێگەی چەند کردەیەکی دەروونی وەک (بیرکردنەوە، سۆزداری، هەستکردن، ئەدگارەکانی مرۆڤ) ئاڕاستەدەکرێت، کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی تاک و زمانەکەی

هەیە. بیرکردنەوە یەکێکە لەو کردە دەرونیانەی وا لە مرۆڤ دەکات بیربکاتەوە و گفتوگۆ لەسەر باس و خواسەکان بکات و هەڵیان بسەنگێنێت و بیر لە هۆکار و ئەنجام و ئامانج بکاتەوە و بەدوای راستیەکان بگەڕێت (دزەیی، ٢٠١٥، ٢٩). زمانی میلتۆن یەکێکە لە شێوازەکانی گەیاندن و گواستنەوەی بیرۆکە، بە پێی ناوەرۆکی پەیام و ئەرک و ئامانج کاریگەری لەسەر بیری جەماوەر دروست دەکات. گەیاندنی جەماوەرییش یەکێکە لە ڕێگاکان، کە لەڕێکلامی بانگێشەدا بۆ کاریگەریکردنە سەر جەماوەر بەکاردێت، تیایدا پەیامی کاریگەر دەخرێتەڕوو بەمەبەستی گۆڕینی بیروباوەڕ و دروست کردنی بیرۆکەی دیارکراو لە بیری جەماوەر  بە ئامانجی ڕاکێشان و ڕازیکردنیان. لەم گوتارانەی کە پاڵێوراوە سیاسییەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن ئاراستەی جەماوەری دەکەن، زۆرجار ئامادەکراون و چەند جارێک دارشتنەوەی بۆ دەکرێت لە لایەن ڕاوێژکار گەورەکان و پێیدادەچنەوە، تاکو کاریگەری بکاتە سەر جەماوەر و دەنگدەر، بۆچوون و ئاراستەی جەماوەر بگۆڕێت، یان دووبارە ئەو بیروڕایانە دروست بکاتەوە، تا ئامەنجەکانی هەڵبژاردن جێ بە جێبکات یان بڕوای جەماوەر بەرامبەر کێشە دیارەکان بۆ ئەرێنی بگۆڕێت و باشبکاتەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم هەموو چالاکیە سیاسییانە، بە زمان دەست پێدەکات و بەکارکردن کۆتایی دێت (البشر، ١٩٩٧، ٩٨_٩٩).

زمانی میلتۆن بە پێی هەندێک بنەما کار دەکات، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان بیر و ئەودا هەیە. شێوازی کارکردنی نێوانیان بریتییە لە کار و کاردانەوە، بە جۆرێک کاریگەری زمانی میلتۆن لەسەر بیر کاردانەوەی ڕەفتاری و بیروڕاگۆڕین بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کاریگەری زمانی میلتۆن لەسەر بیر ئەو پرۆسەیەیە، کە دەبێت قسەکەر پشتی پێببەستێت بۆ ڕازی کردن و پرۆگرام کردنی بیری بەرامبەر، بە

پەنابردنە بەر وشە و دەستەواژەی بە هێز و سەرنج ڕاکێش، ئەمەش بێگومان بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی زمانی میلتۆن. ئەم پرۆگرام کردنەی بیر جێ بەجێ کردنی زۆر کاریگەر دەبێت ئەگەر قسەکەر شارەزایی خوێندنەوەی بەرامبەری هەبێت. هەروەها بە توانا و لێهاتوو بێت لە دەربڕین و ئاڕاستەکردنی پەیام و خستنەڕووی بەڵگەکان، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی ڕستە و دەستەواژەی هەست وروژێن و ڕازیکەر، بە شێوەیەک گونجاو بێت لەگەڵ کەلتور و ئاستی ڕۆشنبیری بەرامبەر. واتە قسەکەر دەبێت توانای وروژاندنی سۆز و هەڵبژاردنی دەربڕینی کاریگەری بۆ سەر بیر هەبێت، تاکو بەرامبەرەکەی سەرسام بکات و سەرنجی بە لای ئامانجەکەی ڕابکێشێت. زمانی میلتۆن کار لەسەر بێ هێزکردن و لاوازکردنی بیرەباوەڕ و تێڕوانینی بەرامبەر دەکات سەبارەت بەو پەیامەی ئاڕاستەکراوە کە قسەکەر مەبەستیەتی کار لە بیری بەرامبەر بکات و ئامانجەکەی پێ بپیکێت و تێڕوانین و بۆچوونی بەرامبەرەکەی بگۆڕێت. لە ڕێکلامی بانگێشەدا ئەو کاتە کاریگەرییەکان دەردەکەون کە قسەکەر توانیبێتی خوێندنەوە بۆ بیری جەماوەر بکات و ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسابێت کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی جەماوەر بگرێتە دەست و بیگۆڕێت. ئەنجامی ئەم پرۆسەیەش لە دەستەبەرکردنی ئامانج و ڕێژەیەی سەرکەوتن دیار دەکرێت.

## بەشی دووەم
## تەکنیکەکانی زمانی میلتۆن و هێز و کاریگەری لە ڕێکلامی بانگێشەی هەڵبژاردندا

### ١. هێز و کاریگەری زمانی میلتۆن لە بانگێشەی هەڵبژاردندا.

زمانی میلتۆن یەکێکە لەو تەکنیکە زمانییانەی لە داڕشتنی گوتاری سیاسیدا بەکاردەهێنرێت، کە کار لەسەر بێ هێزکردنی ئەقڵی ئاگایی دەکات بۆ دواندنی ئەقڵی بێ ئاگایی، چونکە ئەقڵی بێئاگایی بەرپرسە لە ژیان و هەست وسۆز، دڵ و دەروونمان و لۆجیک نازانێت و جیاوازی نێوان ڕاست و ناڕاست ناکات، بنچینەی ڕەوشت و تایبەتمەندی کەسە و ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئامانج و ویستی تاک دەبینێت، (ولیم جێمس) لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەم بیرە توانایەکی شاراوەی هەیە، کە پێی تێپەڕیوین و کۆنترۆڵی کار و چالاکییەکانمان دەکات و بەرپرسیارە لە هەست و سۆز و پاڵنەرە رەفتارییەکان، ئەقڵی بێ ئاگایی جیاوازی لە نێوان ڕاستی و ئەندێشە ناکات لێرەدا بیرۆکەی زمانی میلتۆنی هاتە کایەوە، کە بیرۆکەکە دەگەیەنێتە بیری بێ ئاگایی لە ڕێگای بێهێزکردنی بیری ئاگایی.ڕێکلامی هەڵبژاردن گرنگترین پەیوەندیکردنی سیاسییە لە کاتی هەڵبژاردن. بکەری سیاسی بەڕێگای ڕێکلامەوە دەتوانێت ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتی پارتەکەی یان دەسەڵاتەکەی یان ڕێبازەکەی بگەیەنێتە جەماوەر بە مەبەستی کاریگەری و ڕازیکردن. هەر بۆیە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکلامی سیاسی کاریگەری و ڕازی کردنی جەماوەرە.

### ٢. زمانی میلتۆن و وروژاندنی پێویستییەکان.

زمانی میلتۆن بەپێی چەند بنەمایەک کاردەکات، وروژاندنی سۆز یان هەست و سۆز وروژاندن یەکێکە لەو بنەمایانە، کە قسەکەر لە ڕێگەی ئاماژە زمانیەکانەوە بە شێوەی بیرۆکەی تایبەت دەتوانێت

هەست و سۆزی جەماوەر بوروژێنێت. لەم کردەی وروژاندنە ڕووی پەیام لە جەماوەرە و مەبەستی قسەکەر دروست کردنی هەست و ئارەزوویێکی تایبەتە لەلای جەماوەر تا بیوروژێنێت، بەهەر شێوەیەک، جا دڵی خۆش بکات یا ڕاپەڕێنێ و هەڵوێستێکی لا دروست بکات (دزەیی، ۲۰۰۹، ۱٤٥).

وروژاندن پەیوەستە بە تێرکردنی پێداویستییەکان یان نەبوونی، وروژاندن بە دوو شێوە ڕوودەدات :

١. قسەکەر (بکەری سیاسی) هەستی خۆی بە ئاسانی دەردەبڕێت، بەڵام ئەم هەست دەربڕینە لەگەڵ بیروبۆچوونی جەماوەر ناگونجێ یاخۆ دەگونجێ.

٢. قسەکەر (بکەری سیاسی) خاڵی بێ هیزی جەماوەر دەوروژێنێ و خۆی هاوهەستی دەکات بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی لا دروست بکات یان هانی بدات (دزەیی، ۲۰۰۹، ۱٤۷).

**٣. وروژاندن و گۆڕینی ئاڕاستەی جەماوەر :**

ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانی تاکی کۆمەڵگا، پەیوەستە بە بەها و پێوەر و نەریتە باوەکانی ناو کۆمەڵگا، بریتییە لەو جێگیر و چەسپاوانەی، کە کۆمەڵگای لەسەر بنیاتنراوە، ئەم چەسپاوانەش بەستراوەتەوە بە ڕەفتاری تاک و زۆر پتەون و بە ئاسانی هەڵناوەشێنەوە، بەڵام ڕێکلامی بانگەشە بە کەرستەکانی دەتوانێت گۆڕان لە ئاڕاستە بکات، بەرەو ئاڕاستەیەکی تری وەک ئاینی و نیشتیمانی و نەتەوایەتی ببات (دزەیی، ۲۰۲۱ب، ٦٥_٦٦). وروژاندن زیاتر بۆ گۆڕینی ئاڕاستە دەبێت، کە ئاڕاستە سیفەتێکی جێگیر نییە لە کەس و کۆمەڵگە و بریتییە لە کۆمەڵێ چەمک و بیرورا و نەریت کە بەستراوەتەوە بەدەوروبەرێکی دیار. ئاڕاستە (Attitude) بەوە پێناسە دەکرێت، پاڵنەرێکی وەرگیراوە لە ئامادەباشی دەروونی و پلەیەکی

جێگری هەیە هەستی تاک دیار دەکات و ڕەفتارەکانی ڕەنگاوڕەنگ دەکات، جا ئەگەر خۆشی بوێت ئەوا ئاراستەکەی باش دەبێت و ئەگەر ڕقیشی لێبێتەوە ئەوا ئاراستەیەکی خراپی لا دەڕوێت (دزەیی، ٢٠٢١ب، ٦٥). ورژاندنی ئاراستە بە دوو جۆر دەکرێت :

**ا. وروژاندن بۆ ئاراستەی باش :**

ئەم جۆرە وروژاندنە لە بەرژەوەندی گشتیدایە، لە پاڵ هەستێکی نەتەوایەتی کاری بۆ دەکرێت کە قسەکەر (نێنەر) دەیەوێت هەستێک یان هەڵوێستێک لای جەماوەر (وەرگر) دروست بکات بۆ (یەکگرتن و ئاشتی و تەبایی،...هتد). وروژاندنی باش پابەندە بە دابینکردنی پێداویستییە دەروونیەکان بۆ نموونە یەکێ لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان لە کاتی هەڵبژاردندا قوتابیانی بەوە دەوروژاند کە کار دەکات بۆ نەهێشتنی (قبول خاص) و زیادکردنی دەرماڵەی قوتابیان و گرنگیدان بە بەشە ناوەخۆییەکان (دزەیی، ٢٠٠٩، ١٤٧_١٤٨). لە ڕێکلامی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراقدا بە هەمان شێوە چەندین وشە و دەستەواژەی کاریگەر بەکارهاتووە وەک :

**_ بە دەنگە پاک و بێگەردەکانتان نیشتیمان ڕزگار دەکەین لە گەندەڵی.**

**_ بۆ ئەوەی ماف و بودجە و موچەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت، دەنگمان بۆ کاندیدانی پارتییە.**

**ب. وروژاندن بۆ ئاراستەی خراپ :**

ئەم جۆرە وروژاندنە لەپاڵ هەستێکی خوازراوەوە کاری بۆ دەکرێت و قسەکەر (نێنەر) خۆی خاوەنی ئەم هەستە نییە و لەوانەشە بڕوای پێ نەبێت، بەڵام بەمەبەستی وروژاندن فرمێسکێکی تیمساحاوی دەڕێژێت خۆی بە خەمخۆری جەماوەر (وەرگر) لەقەڵەم دەدات.

وروژاندن بۆ ئاراستەی خراپ زیاتر لە پروپاگەندە و شەری دەروونی کاری بۆ دەکرێت، قسەکەر (نێنەر) وەک چەکێک بەکاری دەهێنێت، کە پەنا دەباتە بەر چەندان شێوازی نارەوا، وشە و ڕستەکان دەڕازێنێتەوە بۆ سەرنجڕاکێشانی جەماوەر (وەرگر) و تەزووی هۆشی دەوروژێنێت (دزەیی، ٢٠٠٩، ١٤٩).

توێژینەوەکان سەلماندوویانە، کە ڕێکلامی بانگەشە لە بواری گۆڕینی ئاراستە سەرکەوتوو بووە کاتێک ستراتیجییەتی ڕاگەیاندنی ڕێکلامی بەکارهێناوە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکانی هونەر دادەنرێت بۆ ئاراستەکردنی ویستی گشتی و ناشتوانرێت بە ڕەفتاری ڕاست وەیا ناڕاست وەیا کاریگەر و ناکاریگەر دابنرێت. دوو ستراتیجییەت لە ڕاگەیاندن هەن ئامانجیان بریتییە لە ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر. کە بریتیین لە :

ا. بڵاوکردنەوەی پەیام دەربارەی بابەت یان مەسەلەیەکی دیارکراو.

ب. بڵاوکردنەوەی پەیامی نەرێنی دەربارەی بابەتی دژ یان ڕکابەرەکەی (دزەیی، ٢٠٢١ب، ٦٦).

### ٤. زمانی میلتۆن لە ڕێکلامی بانگەشە.

زمان بە ئامراز و کەرەسەیەکی سەرەکی ڕێکلام دادەنرێت. زمان بەهێزترین ئامرازی پەیوەندیکردنە، ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی هەموو کۆمەڵگەیەکە و پێوەری پێشکەوتن و دواکەوتنیەتی (عکاشة، ٢٠٠٥، ٢٤). زمان هۆیەکە بۆ وروژاندن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا، گەیاندنی زانیاری و وروژاندنیش دوو ئەرکی سەرەکی زمانن، کە لەڕێگەیانەوە هەواڵ و زانیارییەکان دەکرێن بە کۆدی نووسراو و بیستراو و بینراو، وەک پەیامێک ئاراستەی کۆمەڵگە

دەکرێن بۆ کاریگەریی دروست کردن لەسەر بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵگە جا بۆ مەبەستی ڕازیکردن یان هەڵخەڵەتاندن بێت، ئەم دوو مەبەستە لە چوارچێوەی گوتاری سیاسیدا دەچنە خانەی ڕیکلامی بانگەشەوە.

هێماکانی زمان، شێوە و فۆرمی زانیارییەکانە، لە کردەی ڕیکلامدا زمان تایبەتمەندە بەوەی یەکەم: هۆیەکە بۆ پەیوەندی کردن، دووەم: سیستەمێکی هێماییە گوزارشت لە بیرۆکەکانی مرۆڤ دەکات (سوسیر، ١٩٨٥، ٣٦). واتە مرۆڤ بە هۆی زمانەوە دەتوانێت بە چەندێتی و چۆنیەتی و ئامانج لە گواستنەوەی زانیارییەکان ئاشنابێت. هەروەها زمان ڕەفتارێکی مرۆڤایەتییە، کە پەیوەندییەکی بەهێزی بە چالاکییە عەقلییەکانەوە هەیە (الحمداني، ١٩٨٢، ١٣). بەشێک لە چالاکییە عەقلییەکان لە ڕێگەی زمانەوە جێبەجێ دەکرێت، ڕیکلامیش یەکێکە لەو چالاکییانەی کە لە ڕێگەی زمانەوە ئاراستەی جەماوەر دەکرێت. زمانی ڕیکلام پێویستە هەڵگری کۆمەڵێک ئامانج بێت، ئەو ئامانجانە لە چۆنیەتی وێناکردن و لێکدانەوەی دەقی ڕیکلامەکەدا دەردەکەوێت. زمان و بەکارهێنانی چ لەڕووی نوسین بێت، یان ئاخاوتنەوە لەژێر کاریگەری ئەو بابەتەدایە کە لێی دەدوێیت، بەم پێیە لە ڕیکلامدا دەبێت بزانین چۆن ڕووبەرووی جەماوەر دەبینەوە تا مەبەستە جیا جیاکانمان بگەیەنین، چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕیکلام وروژاندن و کارکردنە سەر هەست و دەروونی جەماوەرە، ساغکردنەوەی بیروبۆچوون و کەلوپەلەکانە. ڕیکلام تەنها تایبەت نییە بە بواری بازرگانی، بەڵکو لە گشت بوارەکان پەرەیسەندووە، بە تایبەتیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی بەربڵاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زۆری مێدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گرنگییەکەی زیاتر دەرکەوتووە. ڕیکلامی بانگەشە، یان ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردن یەکێکە لەو پرۆسانەی کە لە یەکلایی

کردنەوە و دەرئەنجامی ڕێژەی سەرکەوتندا ڕۆڵ و گرنگی زۆری هەیە، لە تەواوی پرۆسەکەدا کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان دەردەکەوێت. زمان هێز و ئامرازێکی گرنگی ڕێکلامی بانگەشەیە، بەهۆی هەندێ تەکنیک پەیام و مەبەستەکان بە وشە و ڕستە و دەستەواژەی کاریگەر ئاراستەی جەماوەر دەکرێن. بەو پێیەی بانگەشەی هەڵبژاردن پرۆسەی بڕیاردانی کۆمەڵگەیە لەسەر هەڵبژاردنی پارت و لایەنێک یان پاڵێوراوێک، زمانیش هۆکارێکە لەو پرۆسەیەدا، کە پاڵێوراو و لایەنەکان بەکاری دەهێنن بۆ ناساندنی خۆیان بە کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەیی ڕازیکردنی دەنگدەرەکانیان بەدەست بهێنن. کەواتە لە ڕێکلامی بانگەشە ئەوەی بە ڕۆڵە سەرەکییەکە هەڵدەستێت و هەڵسوڕێنەری پرۆسەکەیە زمانە، ئەمیش بەکارکردنە سەر دەروون و هەستی جەماوەر وروژاندنیان، بە ئامانجی ڕاکێشانی بیر و سەرقاڵکردنیان لە ڕێگەی پرکردنەوەی پێویستیە مادی و مەعنەوییەکانی تاک و دەرئەنجام گەیشتن بە کردەی هەڵخەڵەتاندن یان ڕازیکردن. زمانی میلتۆن بە هۆی کاریگەرییە سەرسوڕهێنەرەکەی لەسەر بیر و گەیاندنی پەیام، وروژاندنی هەست وسۆز، تەکنیکەکانی لە ڕازیکردن و هەڵخەڵەتاندنی تاکدا دەیکات بە کەرەسەیەکی گرنگی بابەتی ڕێکلام و تایبەت ڕێکلامی بانگەشە، چونکە لە ڕێگەی ڕازی کردن و پێشنیازکردن دەتوانێت بیروباوەری جەماوەر بگۆڕێت و کار لەسەر بیرکردنەوەی تاک بکات. بەو پێیەی زمانی میلتۆن زمانێکی ئیحائیە و کاریگەری لەسەر کەسانی تر جێدێڵێت، سەرچاوەیەکی بە پیتیشە بۆ کارکردنەسەر کەسی بەرامبەر لە سەرجەم بوارەکاندا (ساڵح، ١٩٥،٢٠١٤). واتە زمانی میلتۆن بە هۆی ئەو کاریگەرییەی هەیەتی لەسەر گۆڕانی بیروباوەڕی کەسی بەرامبەر دەکرێت ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ ڕاکێشانی سۆزی جەماوەر بە مەبەستی ڕازیکردن، کە هەر ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدان

و گەشەکردنی بوو. ڕێکلامی بانگەشە یەکێکە لەو بوارانەی، کە زمانی میلتۆن دەتوانێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و بەپێت تێدا ڕۆڵ بگێڕێت. ئەم زمانە خاوەن چەند بنەمایەکە، کە وادەکات پرۆسەی ئاراستەکردنی پەیام و ڕاکێشانی بیری جەماوەر و کردەی ڕازی کردن ئاسانتر بڕوات بەڕێوە. هەروەها لە ڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیک، کە ناسراوە بە (تەکنیکە میلتۆنییەکان) دەتوانرێت خێراتر ئامانجەکان لە پرۆسەی ڕێکلامی بانگەشەدا بەدەست بهێنرێن، چونکە ئەم تەکنیکانە زمانەکەی کردۆتە خاوەنی هێز و کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنەر لە جولاندنی سۆزی جەماوەر و خەواندنی ئەقڵی ئاگایی و دواندنی ئەقڵی بێ ئاگایی، کە ئەمانە فاکتەری هەرە سەرەکین لە پرۆسەکەدا بۆ سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتن.

### ٤. تەکنیکەکانی زمانی میلتۆن.

ئەمە کۆمەڵێک شێوازی زمانەوانییە بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵک و جەماوەر بە مەبەستی بە دەست هێنانی بیر و سەرەنجییان بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات و بتوانن بەسەر کێشەکانیاندا زاڵ بن، وە تەنانەت بۆ یارمەتیدانیان بۆ زاڵبوون بەسەر قووڵترین کردەیی سۆزداریدا، بەو پێیەی دەتوانیت ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ بێ ئاگایی بکات . زمانی میلتۆن لە ڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیکەوە کار دەکات، کە هەوڵ دەدات بیری کەسی بەرامبەر یان جەماوەر بخوێنێتەوە و گریمانەی پێشوەخت بۆ ڕووداوەکان بکات، کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و بیروبۆچوونی تاک بە جێبهێڵێت، سەرنجی بەرامبەر زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، تا مەبەست و ئامانجی دیارکراو بە دەست بخات. تەکنیکەکانی زمانی میلتۆن بریتیین لە :

(٤_١). تەکنیکی گریمانەکردن :

قسەکەر لەو ڕستە و دەستەواژانەی دەریان دەبڕێت بە شێوەیەک

گریمـانە دەکـات، کە گریمـانەکە هەڵگـری واتـایەکی ئەرێنـی بێـت بـۆ بەرامــبەر، تەنــانەت هەنــدێکجار ڕەنــگە گریمــانەکە لەنــاو خــودی دەربڕینەکانـدا هەبێـت (الکـلاب، د.ت، ٦). واتە قسـەکەر لەو ڕسـتانەی ئاڕاسـتەی بەرامـبەری دەکات ئەگەرێکی وا دادەنێت، کە دەربڕینەکانی هەڵگری واتا و پەیامێکی ئەرێنی بن و خۆیـان لە بیروباوەڕ و حەز و خولیایی بەرامبەردا ببینێتەوە، بۆ نموونە لە دەربڕینێکی وەک :

**_ سەرنجتان بهێنەوە لای قسەکانم .**

قسـەکەر گریمـانەی ئەوە دەکـات، کە بەرامـبەرەکەی گـوێ بـۆ قسـەکانی دەگرێت، بە تـایبەت لە دەربڕینـی دەسـتەواژەی (سـەرنجتان بهێـنەوە) ئەو ئەگەرەی تێـدایە، کە ئەوان لە بنەڕەتـدا سـەرنجیان لای وتەکانی ئەو بووە.

**_ گوێم لێبگرە، تۆ بیرت لای منە ؟**

ئەم دەربـڕینە ڕێژەیـەکی زۆری لـە گریمانـە تێدایـە، کە قسـەکەر ئاگادارە بەرامبەرەکەی گوێی لێ نەگرتووە و بیری لای شتی ترە، یان لە بنەڕەتـدا ئاگـاداری قسـەکانی نییـە، بـۆیە دەربـڕینەکەی بە جۆرێـک ئاڕاسـتەی بەرامبەرەکەی دەکات، کە گوێگرتنەکەی لا پەسند نییە، بەم شـێوازی دەربـڕینە و لە ڕێگەی تەکنیکـی گریمـانەکردن ئەقڵـی ئاگـایی بەرامبەر دەخەوێنێت و ئەقڵی بێ ئاگایی دەدوێنێت، ئەمەش زۆرجـار پێـی دەگوترێـت دەرزی لێـدانی بیـر، کە گریمانـە دەکـات چ لـە بیـری بەرامبەرەکەی دەسوڕێتەوە.

شـارەزایی گریمـانەکردن یەکێـک لەو تەکنـیکە میلتۆنیـانەی کە لە ڕێکلامـی بانگەشـە بەکاردێـت، ڕۆڵـی هەیە لە چـۆنەیتی و شـێوازی ئاڕاسـتەکردنی جەمـاوەر، هەروەهـا لە دارشـتنی نـاوەڕۆکی پەیـام و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی کاریگەر ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ کارکردنە سـەر دەروون و بیروبـاوەری بەرامـبەر بە مەبەسـتی ڕازیکـردن، بـۆ

نموونە لەم ڕێکلامی بانگەشەیەدا :

**ـ تێکۆشـــان بــۆ تەواوکردنـــی ڕێکارەکـــانی بە پارێزگـــابوونی هەڵەبجەی شەهید و دابین کردنی بەشە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا.**

لەم ڕێکلامـی بانگەشـەیەدا، کە ئاڕاسـتەی جەمـاوەر کـراوە، هەوڵ دراوە لە ڕێـگەی تەکنیکـی گریمـانە کـردن ئەقڵـی ئاگـایی بەرامـبەر بخەوێنرێت و پاشـان ئەقڵی بێ ئاگایی بدوێنێت، چـونکە ئەقڵی ئاگایی لـۆجیکی و شـیکارییە و پرۆگرامـی ئەقڵی بێ ئاگـایی دەکـات. قسـەکەر گریمانـەکاری ئەوەی کـردووە کە چ لـە بیـری جەمـاوەر دەسـوڕێتەوە. بۆیە لە دارشتنی ناوەڕۆکی بانگەشەکەی هەندێک وشە و دەستەواژەی وەک ( بە پارێزگــا بــوون، هەڵەبــجەی شــەهید، بە شـــە بــوودجە ) بەکارهێنــاوە کە گریمــانەی کــردووە بــۆ کــارکردنە ســەر جەمــاوەر کـاریگەری دەبێت و دەتوانێت ڕازیانبکـات. واتـە قسـەکەر هەسـتاوە بە خەواندنی ئەقڵی ئاگایی و دوورخستنەوەی، دواندنی ئەقڵی بێ ئاگایی، چونکە ئەقڵی بێ ئاگایی بزوێنەری هەست و سۆزە لۆجیک نازانێت و جیاوازی نێوان ڕاست و چەوت ناکات، بنچینەی ڕەوشت و تایبەتمەندی کەسـە و ئـەرکی ڕاپەڕانـدنی ئامـانج و ویسـتی تـاک دەبینێت. بـەم پێیـە ئەقڵی ئاگایی ئەم سێ کاردانەوەی دەبێت :

أ. جەمــاوەر بیرێکــی لاوازی هــەبوو دەربــارەی شــتەکە قســەکەر بەهێزی کرد.

ب. جەماوەر ئەم بیرەی لا نەبوو، بەڵام قسەکەر لای دروست کرد.

ج. بیرەکـەی لابـوو و سەرسـام بـوو بـەوەی کـە قسـەکەر تـوانی بیخوێنمەوە.

(٤ـ٢). خوێندنەوەی بیرەکان :

خوێنـدنەوەی بیرەکـان، یـان خوێنـدنەوەی بیـری کەسـی بەرامـبەر یەکێکە لەو تەکنیکە میلتۆنییانەی لە دارشتنی ڕێکلامی بانگێشەدا سودی

لـێ دەبینرێـت، کە بەهـۆیەوە دەتوانرێـت درک بەوە بکرێـت لە بیـری جەماوەردا چی دەگوزەرێت، هەروەها خوێندنەوە بۆ ئەو بیرۆکانەی کە جەمـاوەر بیـری لـێ دەکـاتەوە. ئەم تەکنـیکە هەنـدێکجار نـاونراوە بە ( دەرزی لێدانی بیر یان سڕکردنی بیر)، چونکە ئەم تەکنیکە وەک ئەوە وایە دەرزیـیەک بهێنیـت بیرۆکەیەکـی دیـارکراوی تێـدابێت و بیـدەی لە بیری ئاگایی کەسی بەرامبەردا (الكلاب، د.ت، ٧). لە پرۆسـەی ڕیکلامـی بانگێشەدا پێویستە قسەکەر بزانێت جەماوەرەکەی چیان دەوێت و چۆن دەڕوانـنە شـت و دەوروبـەریان و دەیانـەوێت چـی بڵـێن. هەروەهـا هەوڵبدات بزانێت مەبەستیان چییە و بۆ چ هەوڵدەدەن، تـاکو بتوانێت وا لە جەماوەرەکەی بگەیەنێت کە پەیام و داواکەی ئەو قازانجی ئەمانیشـی تێدایە. ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی ناڕازیبوون یـان تـرس لای جەمـاوەر کەمبێتەوە. بۆ نموونە لەم ڕیکلامی بانگێشەیەدا :

**ـ دڵنیابن هیچ کات لە خەم و ئازار و خواستەکانتان غافڵ نابین.**

قسـەکەر هەمـوو ئەو دەرخسـتنانەی لەم ڕیکلامـی بانگێشـەیەدا ئامـاژەی بـۆ کـردووە بە مەبەسـتی نیشـاندانی هـاوڕایی و دانپیانـانی جەماوەرە، تاکو هاوبیری لە نێوانیاندا دروست ببێت. ئەمەش خۆی لە تەکنیکی خوێندنەوەی بیرەکاندا دەبینێتەوە، چونکە قسـەکەر وا خۆی نیشان داوە کە ئەوەی جەمـاوەر بیری لێدەکاتەوە دەیزانێت و هەسـتی پێدەکات، لە ڕێگەی بانگێشـەکەیەوە بیرۆکەیەکی بـۆ جەمـاوەر دروسـت کـردووە، وا ڕەفتـار دەکـات کە دەزانێـت ئەوان بیـرۆکەی دیـارکراوی ئەویان هەیە.

(٤_٣). فاکتەری توانا و ئارەزوو نەک پێویستی :

فـاکتەری توانـا و ئـارەزوو تەکنیکێکـی تـرە لە دەربڕینـی زمـانی میلتۆنی و بەکارهێنانی لە ڕیکلامی بانگێشەدا، تێدا قسەکەر بە شێوازێک پەیـامەکەی ئاڕاسـتەی جەمـاوەر دەکـات، کە بتوانێـت ئەقڵـی ئاگـایی

بخەوێنێت و لە دارشتنی وشە و دەستەواژەکاندا ئومێد و ئارەزووی ئەوان ڕەنگ بداتەوە نەک ویست و ئارەزووی خۆی بەتەنها، واتە قسەکەر بە جۆرێک ئەقڵی بێ ئاگایی جەماوەر دەدوێنێت، کە ئارەزووی خۆی بەلاوە ناوە و ئاماژەی بە ویست و ئارەزووی ئەوان کردووە. لەم تەکنیکەدا پێویستە قسەکەر وابکات ئەو ویستەی دەیەوێت لە بەرامبەرەکەیدا دەربچێت نەک لە خۆیدا، واتە ویست و ئارەزوو و ئومێدەکانی خۆی دەخاتە پاڵ کەسێکی تر، وەک ئەوەی ئەوە ویست و ئومێدی ئەوان بێت (الكلاب، د.ت، ٧). بۆ نموونە :

**ـ چی دەڵێیت گوێ لەوانەکە بگرین ؟**

قسەکەر دەیەوێت گوێ لەوانەکە بگرێت، لە ڕێگەی پرسیارکردن بانگەشەی گوێگرتن لە وانەکە بۆ بەرامبەرەکەی دەکات، گریمانەی بانگەشەکەش ئەوەیە کە بەرامبەرەکەی ئارەزووی بۆ کارێکی چێژبەخش هەیە، قسەکەریش وانەکە پێشنار دەکات. لێرەدا گریمانەکە ئەوەیە گوێگرتن لە وانەکە بۆ بەرامبەرەکە جێژبەخشە، بەڵام لە ڕاستیدا قسەکەر خۆی پێویستی بەوانەکەیە بۆیە ئەو پێشنیارە دەکات.

بە هەمانشێوە دەتوانرێت لە دارشتنی ڕێکلامی بانگەشەدا تەکنیکی فاکتەری توانا و ئارەزوو بەکاربهێنرێت، کاریگەری بۆسەر بیروباوەڕی جەماوەر دروست بکات. ئەمەش بە ئاڕستەکردنی هەندێک دەربڕین کە پەیوەندییان بە ژیانی جەماوەرەوە هەیە، بۆ نموونە :

**ـ بەیەکەوە هاتووینەتە مەیدان و جیاوازیەکانمان وەلاناوە.**

لێرەدا قسەکەر گریمانەی بەلاوەنانی جیاوازییەکان، هاندانی بۆ جەماوەر کردووە. گریمانەی بانگێشەکە ئەوەیە کە جەماوەر ویست و ئارەزووی هاتنە مەیدانیان هەیە، ئامادەیی ئەوەشیان تێدایە جیاوازییەکانی نێوانیان بخەنەلاوە. ئەم جۆرە پێشنیارانە زیاتر ئەو کاتانە دەکرێت، کە قسەکەر و جەماوەر گرنگی بە ویست و

ئارەزووەکانی یەکتر بدەن.

(٤_٤). تەکنیکی بەستنەوە سادە :

بریتییە لە توانای بەستانەوەی دوو باس لە ڕێگای ئامرازی (و) ی لێکدەر (الکلاب، د.ت، ٩). واتە لەم تەکنیکەدا دوو بابەت تێهەڵکێش دەکرێت بەئامرازی (و)، کە بیرۆکەیەک بە هەستێک یان ئەنجامێک دەبەستریتەوە، قسەکەر بیرۆکەیەک ئاراستەی بەرامبەر دەکات و لە هەمان کاتدا ئاماژە بە ئەنجامەکەشی دەدات، کە لە بەرژەوەندی بەرامبەرەکەیدایە، بۆنموونە وەک :

**_ بۆ داهاتوویێکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران، پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە.**

**_ بەشداربوونت لەم خولەدا فێری زمان و زانیاری بەسودت دەکات.**

**_ دەنگدان بە پارتی دەنگدانە بە خۆڕاگری و خۆنەچەماندن.**

بەستانەوەی شتی بەرجەستە بە نابەرجەستە وا لە ئەقڵی بی ئاگایی دەکات بیرکە وەربگرێت بۆ نموونە کاتێک دەڵێین: لێرە دانیشە ئەوا شتێکی بەرجەستەیە ئەقڵی ئاگایی بیری لێناکاتەوە و کاتێکیش دەڵێیت: هەست بە خۆشی بکە دەگوازرێتەوە بۆ ئەقڵی بێ ئاگایی. کەواتە بەستانەوە دەبێت لە نێوان شتێکی هەستپێکراوەوە بێت لە شتێکی نابەرجەستە و سۆزی زیادە لە ڕێگای (و) ی لێکدەر.

هەندی جار یاسای (٥+١) بەکاردێت، واتە بەستانەوەی پێنج شتی هەستپێکراو بە یەک شتی نابەرجەستە. بۆ نموونە لەم ڕێکلامی بانگێشەیەدا :

**_ بە یەک ڕیزی داکۆکی لە شایستە داراییەکان و بوودجە و مووچە دەکەین.**

**_ بە یەکڕیزی وا دەکەین خزمەتگوزاری باشتر دابین بکەین.**

(٤_٥). تەکنیکی توانای جووتە دژەکان :

بـریتییە لە وەی دوو وشـەی دژبەیـەک لـە واتـادا بـەکاربێنین، بـە واتایەکی تر ئەقڵی ئاگایی بە یەک لـە دژەکان سـەرقاڵبکەین ئەوەکـەی تـریش بخزێنینـە ئەقڵـی بـێ ئاگـایی (الکـلاب، د.ت، ٨). واتە بەکارهێنـانی دوو واتـا یـان شـتی دژ بەیەک، کە بە هـۆی یەکێـک لە دژەکـان ئەقڵـی ئاگایی دەخافلێنین و ئەوەی تریان دەخەینە ئەقڵی بێ ئاگایی.

**_ دوای هەرناخۆشییەک خۆشییەک دێت.**

لێـرەدا مەبەسـتی قسـەکەر لە بەکارهێنـانی دژیەکـی (خۆشـی، ناخۆشی) سـەرقاڵکردنی ئەقڵی ئاگایی بەرامبەرە بە وشـەی (ناخۆشـی) کە واتایەکی نەرێنی هەیە، بەدوای ئەو وشەی (خۆشی) خستۆتە ئەقڵی بێ ئاگایی کە واتایەکی ئەرێنی هەیە.

ئەم تەکنیکە لە ڕیکلامی بانگێشەدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر ڕۆڵـی گرنگ دەگێڕێت، چونکە دەتوانێت پەیـامێکی کاریگەر ئاڕاسـتەی جەمـاوەر بکـات و گۆڕانکـاری بەسـەر بیروباوەریـان بهێنێـت، کـردەی خەوانـدنی ئەقڵـی ئاگـایی و دوانـدنی ئەقڵـی بـێ ئاگـایی لەڕێـگەی بەکارهێنـانی وشـە و دەسـتەواژە دژ بەیەکەکـان ئاسـانتر بکـات. بـۆ نموونە:

**_ بە دەنـگە پـاک و بێگەردەکانتـان نیشـتیمان ڕزگـار دەکەیـن لە گەندەڵی.**

لەم ڕیکلامـی بانگێشـەیەدا قسـەکەر مەبەسـتیەتی ئەقڵـی ئاگـایی جەماوەر لە ڕێگەی دەستەواژەی (گەندەڵی) سەرقاڵ بکات کە واتـایەکی نەرێنی هەیە، هەروەها بە هۆی واتا ئەرێنیەکەی دەستەواژەی (پاک و بـێگەرد) ئەقڵـی بـێ ئاگـایی جەمـاوەر بـدوێنێت. واتە بە ئەقڵـی ئاگـایی جەماوەر بڵێت کە کێشەیەک هەیە ئەویش (گەندەڵی)یە، لەپاڵ ئەمەدا بە هـۆی دەسـتەواژەی (پـاک و بـێگەرد) هەسـتێکی خـۆش و ئەرێنـی

ئاراستەی ئەقڵی بێ ئاگایی دەکات، بەمەش لە جێگەی کاردانەوە جۆرێک لە ئاسودەیی دەروونی بە جەماوەر دەبەخشێت. سەرنجام قسەکەر بە ڕازیکردن یان هەڵخەڵەتاندن بگات بە ئامانجەکەی و دەنگی جەماوەرەکەی بەدەست بهێنێت.

(٤_٦). توانستی بەستانەوەی ناوەرۆک :

بریتییە لە پێک بەستنەوەی دوو ڕووداو یان بابەت، ئەم جۆرە بەستانەوەیە لە ڕێگای چەند ئامرازێک ئەنجام دەدرێت وەک : (لەمەودوا، کاتێک، لەوکاتەی،.. هتد). مەبەستیش لەم جۆرە بەستانەوەیە ئەوەیە کەسەکە بخەینە بارێکەوە دوایی شتە نابەرجەستەکە بخەینەڕوو، وەک :

**_ لێرە دابنیشیت ئەوا هەست بە شادی و ئاسودەیی دەکەیت. واتە ئاسوودەیت بەندە بە دانیشتنت لێرە.**

**_ لەوکاتەی کە لە مزگەوت دەمێنیتەوە ئەوا زیاتر هەست خۆشی و حەوانەوە بکەیت.**

ئامانج لەم کردەیە ڕازیکردنی بەرامبەرە بەهۆی هەڵسوکەوتێکەوە کە خۆی لەناو بارودۆخەکەدا ببینێتەوە، بە جۆرێک ئەگەر قسەکەر بتوانێت بەهایەکی سۆزداری بخاتەسەر، ئەوا دەتوانێت پێک بەستنێکی ئاسان و کاریگەر دروست بکات. لەئەنجامدا قسەکەر ڕازیکردنەکەی بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ دەستەبەر دەبێت (الکلاب، د.ت، ٨).

(٤_٧). شارەزایی هۆ و ئەنجام :

بریتییە لە ئەنجامی بەستنەوەی دوو ڕووداو یان ڕستە بە ڕێگەی (ئەنجام و هۆ)، کە هەردووکیان ئاماژەی ئەرێنی دەگەیەنن، ڕووداوی یەکەم (هۆ)یە ئەقڵی ئاگایی پێ سەرقاڵ دەکرێت و ڕووداوی دووەم (ئەنجام)ە ئەقڵی بێ ئاگایی پێ دەدوێنرێت. بۆ نموونە وەک :

**_ تەنانەت مانەوەت لێرە سوودێکی زۆری بۆت دەبێت.**

**ـ بیرکردنەوەی راست کێشەکەت چارەسەر دەکات.**

یان ئەگەر ژنێک بە مێردەکەی بڵێت: کە سەیرم دەکەی هەست بە ئاسوودەیی دەکەی. لەوانەیە سەرەتا پیاوەکە گاڵتەی پێبێت، بەلاَم لەگەڵ زۆر دووبارە بوونەوە ئەقڵی بێ ئاگا خۆبەدەستەوە دەدات (الکلاب، د.ت، ۹).

تەکنیکی شارەزایی هۆ و ئەنجام دەتوانرێت وەک ئامرازێکی کاریگەر لە رێکلامی بانگێشەدا سودی زۆری لێ وەربگیرێت، بەو پێیەی پرۆسەی رازیکردنی جەماوەر ئاسانتر دەکات. ئەمەش کاتێک قسەکەر بۆچونێک بۆ جەماوەر دەخاتەڕوو و لەهەمان کاتدا ئاماژە بە ئەنجامەکەشی دەدات، کە ئەنجامەکە لە سود و بەرژەوەندی جەماوەر دایە. واتە هۆ و ئەنجام هەردووکیان بەیەکەوە هاتوون هەوەک لەم بانگەشەی رێکلامەدا هەستی پێدەکرێت :

**ـ بە چاکسازی دەستمان پێکرد بۆ خۆشگوزەرانی بەردەوام دەبین.**

(٤ـ٨). تەکنیکی دەوروبەرە شاراوەکان :

بریتییە لە دەربڕینی دەستەواژەیەک، کە دوو واتا بگەیەنێت، یان پەیامەکە لە دەوروبەرێکی وا دەربڕابێت کە واتاکەی روون نەبێت. ئەم تەکنیکە کۆمەڵێک شێواز لە خۆدەگرێت، کە دوو بارودۆخ هەڵدەگرن یەکێکیان (نادڵنیایی)یە و ئەویتریان ئیزن وەرگرتنە.

بۆ نموونە :

**ـ دڵنیانیم کە ئیزن هەیە بەو کارە هەڵسم ؟**

**ـ دڵنیانیم لە گرنگی ئەم بابەتە.**

قسەکەر دەتوانێت بۆ پاڵپشتی کردنی دەربڕینەکانی وشەی لە لێکۆڵینەوەکاندا یان زانا و پزیشکەکان وا دەڵێن بەکاربهێنێت، چونکە زیاتر کاردەکاتە بەرامبەر و زانیارەکان لە ئەقڵی بێ ئاگایی

دەچەسپێنێت (الكلاب، د.ت، ٩).

(٤_٩). شارەزایی نزیکردنەوەی ئەزموونی ئێستایی :

بەسـتانەوەی زانیارییـە ڕەوشـتییەکان یـان نابەرجەسـتەییەکان دەگرێتـەوە بـە شـتێکی هەسـتی. واتە قسـەکەر کەسـی ئەزمـوون بە بەرامبەر دەکات لە ڕێگەی پێدانی ئەنجامی هەواڵێک، کە لە ئەنجامی هەواڵەکەوە ڕووداوێک دروست دەکات.

بۆ نموونە :

**_ تۆ هەست بە ماندوو کردنەکەت لەوانەیە هی ئەوە بێت بیرت لە پاداشت کردبێتەوە.**

لێرەدا قسەکەر هەستێکی لە لای کەسی بەرامبەر دروست کر، تاکو وای لێبکات بەرامبەرەکەی بیر بکاتەوە لە ئەنجامی ئەو هەستەی بۆی دروست کراوە (الكلاب، د.ت، ٩).

**ئەنجام :**

١. بەهـۆی بـوونی هەردوو کـردەی ڕازی کـردن و هەڵخەڵەتانـدن، زمانی میلتۆن لە دارشـتنی ڕێکلامـی بانگێشـەی هەڵبژاردندا کاریگەری بەرچاوی هەیە،

٢. دەتوانرێت لە ڕستەیەکدا زیاتر لە تەکنیکێک بەکاربهێنریت.

٣. دەتوانرێت تەکنیکە میلتۆنییەکان لە پێشکەش کردنی گوتار یان گفتوگۆکان بەکاربهێنرێت.

٤. لەسـەرەتادا تەکنیکەکانی زمـانی میلتـۆنی بەکارهێنـانی قورسـە، بەڵام بەهۆی بەردەوام بەکارهێنانی ئاسـان و ئاسـانتر دەبێت و لەگەڵی ڕادەیین، هەروەها سـوودی زۆری دەبێت لەو بوارەی تێیدا بەکاردێت، بۆ نموونە لە گوتاری سیاسی هەڵبژاردندا.

٥. تەکنـیکە میلتۆنییەکـان بە سـوود و کـاریگەرن لە ڕێکلامـی بانگەشـەدا بـۆ ڕازی کـردن و گـۆڕینی بیروبـاوەڕ و ڕەفتـار، ئاڕاستەکردنی جەماوەر.

## سەرچاوەکان

**بەزمانی کوردی :**

١. ساڵح، دەرون عەبدلرەحمان (٢٠١٤)، ڕۆڵی زمان لە ئاراستەکردنی لایەنی دەروونی تاکدا، نامەی دکتۆرا، سلێمانی.
٢. ناوی نووسەر نییە (٢٠١٩)،"ڕۆڵی زمان لە شەڕی دەرونیدا." گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە ١ بەرگی ٦.
٣. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠٠٩)، کاریگەری دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا. چاپی یەکەم. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم.
٤. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٣)، ڕازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا. هەولێر: چاپخانەی ماردین چاپی یەکەم.
٥. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، زمان و کەسایەتی. هەولێر: ناوەندی ئاوێر چاپی یەکەم.
٦. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠٢١ ا)، خوێندنەوەی دەروونی دەق. هەولێر: ناوەندی ئاوێر چاپی یەکەم.
٧. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠٢١ب)، پراگماتیک و شرۆڤەکردنی سیاسی. هەولێر: چاپی یەکەم.

**بە زمانی عەرەبی :**

٨. حجازی، احمد توفيق (٢٠١١)، العقل الباطن قوة خارقة في اعماق الانسان. عمان، الاردن: دار الكنوز المصرفة العلمية، الطبعة الثاني.
٩. سوسير،دی (١٩٨٥)، دروس في الالسينة العامة. ترجمة صالح الفرمادی و الاخرين. تونس: الدار العربية للكتاب.
١٠. الكلاب، مريد ت.د، "مهارات الاقناع بالايحاء (اللغة الملتونية).
١١. عكاشة، محمود (٢٠٠٥)، لغة الخطاب السياسي. مصر، قاهرة، دار النشر للجامعات، الطبعة الاولى.
١٢. البشر، محمد بن سعود (١٩٩٧)، مقدمه فى الاتصال السياسى، الرياض، مكتبه العبيكان.
١٣. الحمدانی، موفق (١٩٨٢)، اللغة و علم النفس، بغداد، مطبعة مديرية دار الكتب و النشر.

**بەزمانی ئینگلیزی :**

14 . JEFFREY K. Zeig،( 1980)، A teaching Seminar with Milton H. Erickson Ph. D by the Milton H. Erikson Foundation، New York.
15 . JOHN GRINDER، JUDITH DELOZIER AND RICHARD BANDLER، GRINDER & ASSOCIATES (1977)، Pattern of the hypnotic techniques of Milton H. Erickson، M.D volume11، Metapublications، United states of America.

## ملخص البحث

هذا البحث في مجال اللغويات النفسية لقد تلقينا نص بحثنا بلغة قواعد الدعوة للانتخابات، حيث أن اللغة هي الأداة الوحيدة للتواصل والتدخل في المجتمع وتسهيل شؤون الحياة البشرية. أيضا، تقديم وتبادل العلوم والمعلومات ومناقشة الحياة والسياسة والمجتمع وعلم النفس، و إلخ، غالبا ما نحتاج إلى أن نكون راضين عن أهمية التفكير في كيفية إقناعنا، وأغراضها المختلفة، على سبيل المثال، يحتاج السياسي إلى التصويت بشكل فردي في الانتخابات، ويحتاج رجل الأعمال أو رجل الأعمال إلى جذب المزيد من العملاء، وجميعهم بحاجة إلى موافقة للنجاح في عملهم. في هذا البحث، يتم مناقشة طريقة إقناع وتوجيه وشغل الدماغ (الواعي، غير الواعي) بسبب لغة معينة في هذا المجال، وهي لغة ميلتون، والتي تشمل مهارة وتقنيات تلك اللغة. لهذا السبب نحاول إظهار التأثير التقني والماهر للغة ميلتون في شكل عمل على الدعوة الانتخابية وقوة تلك اللغة في إرضاء الجمهور والتضحية بدعوة الانتخابات. في الجزء الأول، تم تقديم مقدمة للغة وملتون ومناقشة مبادئ عمل تلك اللغة، وقد تم عرض تأثير اللغة على أفكار وردود أفعال الأفعال النفسية. في الجزء الثاني، تم عرض موضوعات قوة وتأثير لغة ميلتون، وتقنياتهم في الدعاية الانتخابية كمثال عملي.

**الكلمات الدالة** : لغة ميلتون، تقنيات ميلتون، الإقناع، الدعاية، الدعاية السياسي.

## Abstract

### Techniques of Milton Language in Electoral Campaigns

This study falls within the field of psycholinguistics. The text of our study has been selected in the language of election campaign rules, as language is the only tool for communicating and interfering in society and facilitating human life affairs. Also, delivering and exchanging knowledge and information and discussing life, politics, society, psychology, etc. Often, we need to be satisfied with the importance of thinking about how to convince us, and their different purposes, for example, a politician needs to vote individually in elections and a businessman needs to attract more customers, all of whom need consent to succeed in their work. In this research, the way of persuading, directing, and busying the brain (aware, unaware) is discussed because of a specific language in this field, namely the Milton language, which includes the skill and techniques of that language. Hence, we seek to show the technical and skillful effect of Milton language in the form of action on the election invitation and the power of that language in satisfying the public and sacrificing the election invitation. In the first part, an introduction to language and Hamilton has been made and the principles of working of that language are discussed, the effect of the language on the thoughts and reactions of psychological actions has been shown. In the second part, the subjects of Milton language power and influence, their techniques in the election invitation agreement have been shown as a practical example.

**Keywords**: Milton language, Milton techniques, persuasion, invitation, political agreement